
# چەند گەڕەكێكی سلێمانی
# لەهاوینە فێنكەكەی حكومەتی هەرێم بێبەشن

راپۆرت :ئاسۆ



كارەبا كێشەیەكی گەورەی دانیشتوانی كوردستانە بەدرێژایی شانزەساڵ ئەم كێشەیە بێ چارەسەرماوەتەوە, ساڵی پار هاوینێكی گەرم وكارەبایەكی كەم بەشێكی زۆری هاووڵاتیانی شاروشارۆچكەكانی كوردستانی هێنایە سەرشەقامەكان و پێكدادان لەنێوان پۆلیس و هاووڵاتیاندا ڕوویدا . حكومەتی هەرێمی كوردستان لەڕێگای وەزارەتی كارەباوە لە هەوڵێكی زۆردابوو كە كارەبا لە وەرزی گەرمای ئەمساڵدا بەشێوەیەكی باش دابین بكات سەرەنجام توانرا لەماوەی بیست وچوار كاتژمێر شانزە كاتژمێر كارەبا دابین بكرێت و بەرپرسانی كارەبا وایانڕاگەیاند كە دەتوانن هاوینێكی فێنك بۆدانیشتوانی كوردستان دابین بكەن, دابینكردنی بڕی شانزە كاتژمێر كارەبا تاڕاددەیەك توانیوویەتی هاووڵاتیان ڕازی بكات . ئەوەی تێبینی دەكرێت ئێستا لەشاری سلێمانی بەشێك لەو گەڕەكە تازە دروستبووانە بێ كارەبان و لەهاوینی فێنكی حكومەتی هەرێم بێبەشن وتائیستاش بەرپرسانی حكومەت هەوڵێكی جدیی و خێرایان نییە بۆ چارەسەر كردنی گرفتی كارەبا لەم گەڕەكانەدا . بەشی زۆری ئەم گەڕەكانە لە زۆربەی خزمەت گوزارییەكان بێبەشن هەرلەڕێگاوبانوئاو وكارەباوئاوەڕۆوخوێندنگە ونەخۆشخانەونەبوونی ئەم خزمەتگوزارییانەش بێزاریی و نیگەرانی لای دانیشتوانی ئەم گەڕەكانە دروست كردووە , وە ك خۆیان دەڵێن حكومەت ئەم گەڕەكانەی لەبیر نییەو نایەوێت خزمەتیان بكات وبەرپرسان بەوە تاوانباردەكەن كەبەبێ بەرنامە كارەكانیان بەڕێوە دەبەن ودەڵێن لەهەموودونیادا حكومەت كەزەوی نیشتە جێبوون دەدات بەهاووڵاتیان لەپێشداخزمەتگوزاریی بۆدابین دەكات,بەڵام لێرە بە پێچەوانەوەیە .

## نه بوونی خزمەتگوزارییەكان بووەبەڕێگرلەبەردەم ئامانجی حكومەت

یەكێك لە ئامانجەكانی حكومەت دا بەشكردنی زەوی بوو تالەوڕێگایەوە كێشەی سەكەن چارەسەر بكات لەسەرجەم شارو شارۆچكەكانی كوردستان ,حكومەتی هەرێم بەشێوەی خاڵ زەوی بەسەر سەرجەم چین و توێژەكاندا دا بەشكرد وداوای لەهاووڵاتیان كردكە ئەوزەویانە نەفرۆشنەوە و بیكەنە بینای نیشتەجێبون نەبوونی خزمەتگوزارییەكان لەم گەڕەكاندا بووە هۆكارێك كە ئەو كەسانەی زەویان وەرگرتووە بیفرۆشن یان بەجێی بهێڵن تا خزمەتگوزارییان بۆدەچێت بەڵام دوای چەند ساڵێك بەشێك لەهاووڵاتیان ناچاربوون لەسەر زەوییەكانیان بینا دروست بكەن و لەسەر ئەركی خۆشیان خزمەتگوزارییەكانی بۆ دابین بكەن هەر لەدروستكردنی ئاوەڕۆ بەشێوەی بیر ولێدانی بیری ئیرتیوازی ودانانی مۆلیدەی تایبەتی بۆكارەبا ئەمەش ئەركێكی زۆرە لەسەر هاووڵاتیان وخەرجییەكی زۆری تێدەچێت ئەوەی كەسەردانی ئەم گەڕەكانە بكات تێبینی ئەوە دەكات كە بە سەدان پارچە زەوی دەبینرێت تاوەكو ئیستا لە بەر ئەم هۆكارانە نەكراونەتە بینا ,دەتوانین بلێین نەبوونی خزمەتگوزارییەكان لەم گەڕەكانە بۆتە ڕێگر لە بەردەم ئامانجی حكومەت بۆ كەمكردنەوەی كێشەی سەكەن .

# دانیشتوانی ئەم گەڕەكانە داوای چارەسەری خێرا دەكەن

زۆربەی دانیشتوانی ئەم گەڕەکانە داوا دەکەن کەبەشێوەیەکی خێرا مۆلیداتی ئەهلی بهێنرێتە گەڕەکەکانیان و ڕێگا سەرەکییەکانیان بۆ قیرتاو بکرێت.

کاك حەمەڕەشید کە فەرمانبەرێکی حکومەتەو دوای 23 ساڵ لەخزمەتکردن پارچەزەویەکی وەرگرتووە وەك خۆی دەڵێت تا کردوویەتی بە بینا نزیکەی 10 هەزار دۆلار قەرزارەو ئێستاش بەهۆی نەبوونی کارەباوە ژیان لەخۆی و خێزانەکەی هەراسان بووەو ئەمە جگە لەخراپی ڕێگاو بانەکەی کە هەمووکات دەبێتە هۆی درەنگ کەوتنی لە کاتی دەوامی ڕۆژانەی دا .

سەبریە کە هاوسەرەکەی پێشمەرگەیەو خۆی وتەنی هاوسەرەکەی گیانی لەسەردەستییەتی بۆئەوەی لەرێگای ئەم باجی نەتەوەیەدا فیدای بکات ئەمە ش حاڵی خێزانەکەیەتی ,سەبریەخان زۆر لەسەر قسەکانی ڕۆیشتوو وتی: ئێمە لەم گەرمایەدا بەبێ کارەبا حاڵمان لەبەرهەڵگیراوە وئەوئاوەی کە بۆ خواردنەوە بەکاری دەهێنین ئاوی بیرەو مەرجی تەندروستی تێدا نییە و ڕێگاو بانەکانیشمان ئەوە تا کە دەیبینن ئاوەڕۆکانیشمان خۆمان دروستمان کردوون.

## هێرشی مێشوولە

لەگەڵ داهاتنی ئێوارەاندا خەڵکی ئەم گەەرکانە بەهۆی مێشوولەوە ژیانیان لێ هەراسان دەبێت نەبوونی کارەباش وا لەدانیشتوانی ئەم گەڕەکانە دەکات کە ناچاربن شەوانە لەسەربانەکان بخەون.

کاك عوسمان دانیشتووی گەڕەکی قەرەتۆغان وتی: ئێمە کارەبای مۆلیدەمان نییە کارەبای حکومەتیش ئەوە دووساڵە عەمود دەچەقێنن ئەگەر داریان بڕوانایە ئێستا بەری دەدا بەلأم نازانین کەی ئەم عەمودانە بەرهەمیان دەبێت ئێستا بەشێکی زۆری ئەم مالأنە خۆیان وایەریان کڕیوە و بەدرێژایی سەدان مەتر بەشێوەیەکی نا یاسایی کارەبایان ڕاکێشاوە بەلأم کارە باکە کزەو لەبەرئەوەی بەوایەرەو چەند سەد مەتر دوورەو ئەو هێزەی نامێنێت, زۆربەی ماڵەکان مۆلیدەی تایبەتیان داناوە بەلأم ئەمەش سودی نییە لە بەرئەوەی بەنزین زۆر گرانە بۆیە بەناچاریی لە سەربان دەخەوین ئەوەش هەر ڕێگە چارە نییە لە بەر ئەوەی گیزەی مێشوولە وەك کەمتەرخەمییەکانی حکومەت زیرە لەماڵ ومناڵمان هەڵدەسێنێت.

ساکارمحەمەد خوێندکاری زانکۆیەو وەك خۆی دەڵێت زیانێکی زۆر بەر خوێندکاران دەکەوێت لەم گەڕەکانەدا بە تایبەتی لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا کەکارەبا نییەو شەوان مێشوولە هەراسانت دەکات ئەمە جگە لە خراپی ڕێگاکە ئێمە لەگەڕەکی برایم ئەحمەدین, پاسەکان زۆرکەم دێن و ڕێگا کە هەمووی خۆڵە هەمووگیانت دەبێت بەتۆز,من داوا لەحکومەت دەکەم کە هیچ نەبێت ڕێگا سەرەکییەکەمان بۆ قیرتاو بکات و کارەباکەشمان بودابین بکات.

## ئەگەر چارەسەری ئەم گرفتانە نەکرێت ئەم گەرەکانە ڕوو لەچۆڵبوون دەکەن

ئەمە وتەی کاك سەردارە کە یەکێکە لەدانیشتوانی گەڕەکی قرگە, کاك سەردار وتی: من داوام لەدانیشتوانی گەڕەك کردووە کە خۆپیشاندان بکەین,لەبەر ئەوەی حکومەت گوێناگرێت وئێستاش زۆربەی دانیشتوانی گەڕەك سوورین لەسەر ئەوەی ئەگەر حکومەت بەتەنگمانەوە نەیەت ئەوا خۆپیشاندان ساز دەدەین و ئەو شەقامە سەرەکییە دەگرین (مە بەست شەقامی شەست مەترییە ) لە بەر ئەوەی سەبرمان نەماوەو با بەرپرسێکی حکومەت بێت و شەوێك لای ئێمە بخەوێت بزانین دەتوانێت شەوێك تە حەمولی مێشوولە بکات باوەڕبکەن ئەم شەو مێشوولەیەك داویەتی بەتەپڵی سەرمەوە ئێستاش شوێنەکەی دیارە ،دواکاریی سەرەکیمان بریتییە لەدابینکردنی کارەبا بەشێوەیەکی خێرا و چاککردنی ڕێگا سەرەکییەکان ئەگەر ئە م داواکارییانەمان بۆجێ بەجێ نەکرێت ئەوا دەبێت ماڵەکانمان چۆڵ کەین .

**لەكاتی وەرگرتنی ڕای دانیشتوانی ئەم گەڕەكانە بیینیمان كە لەلایەن كارمەندانی كارەباوە مەحەمویلەوە سیم دەبەسترا بەڵام دانیشتوانی ئەم گەڕەكانە دەڵێن ئەوە ساڵ زیاترە بەڕێوەبەرایەتی كارەبا خەریكی عەمودو سیمە بەڵام نازانین كەی ئەم عەمودانە بەر هەمیان دەبێت ؟حكومەتی هەرێمیش تا ئێستا پلانێكی بەدە ستەوە نییە بۆچارە سەركردنی گرفتی ئەم گەڕەكانە ، لەیەكێك لەدیدارەكانی كە ناڵی ئاسمانی كوردستان بەپرسیارێك كێشەی ئەم گەڕەكانەی ئاڕاستەی عیماد ئەحمەد وەزیری ئاوەدانكردنەوەی حكومەتی هەرێم كرد وەزیری**

**ئاوەدانكردنەوە لەوەڵامدا وتی: داواكایری ئەم گەڕەكانە ڕەوایە بەڵام هیچ بەڵێنێكی نەدا بۆ ئەوەی كێشە كانیان چارە سەر بكات**

**ئەوەی كەماوەتەوە بوترێت دانیشتوانی ئەم گەڕەكانە هەڕەشەی خۆپیشاندان دەكەن و حكومەتیش تائێستا هەر بێ وەڵامە.**